# مافی دەنگدان لە نێوان ئەرك و بێگاریدا

**سالار سۆفی**

دەنگدان مافێکە کەس بۆی نییە لە کەسی تری زەوت بکات, هەر وەک ناکرێت بەسەر کەسدا بسەپێنرێت. لە باری ئاساییدا, هەڵوێستی ئاسایی و کاریگەر لەسەر چارەنووسی گەلێک, نەتەوەیەک, چینێک یان توێژێک, دەنگدانە. بە هەمان شێوەش دەنگ نەدانی هەر کەسێک لەباربردنی مافی خودی ئەو کەسەیە کە دەنگ نادات. دەنگدانە کە چارەنووس و ئاراستەی وڵاتێک بە لایەکدا, یان بە پێچەوانەوە دەبات, بەڵام هەموو ئەمانە لە وڵاتێکی دیموکراتدا.

ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراقدا دەگوزەرێت, بە کوردستانی ( بە ئارەزومەندانە داگیرکراویشەوە) هەرچییەک بێت دەنگدانی ئازادانە و یەکسانی لە فەراهەمکردنی توانا ماڵییەکان و بووارەکانی ڕاگەیاندندا نییە. بەکورتی عێراق ئەو وڵاتە دیموکراتە نییە کە دەنگدان یەکێک لە سیما جیاکەرەوەکانییەتی.

وڵاتێک کە لە گەرمەی هەڵبژاردن و دەنگدان و پرۆسەی دیموکراسیدا, کۆمەڵێک بارەگای ڕێکخراوێکی تێدا وێران بکرێت و هێرشی چەکدارانەی بکرێتە سەر و ئەندامانی تیرۆر بکرێن, ئەبێت چ جۆرە دیموکراتییەک بێت و چاوەڕوانی چ ئەنجامێکی ڕاستەقینەی دەنگدانی لێ بکرێت.

دەکرێت کەسێک مافی دەنگدان بۆ خۆی بکات بە ئەرکێکی سەرشانی خۆی و لە پێناوی سەرخستنی ئەو کەس و ڕێکخراو و لیستەی کە متمانەی پێیەتی و بیروڕاکانی لەگەڵیدا یەک دەگرێتەوە, ئەنجامی بدات. تا ئێرە مافی خۆیەتی, بەڵام کاتێک کە مافی دەنگدان دەکات بە ئەرک بەسەر کەسێکی ترەوە, نەخێر لەوەش زیاتر دەنگدان بە لیستێکی تایبەت دەکات بە پێوەری نەتەوەیی بوون و نیشتیمانپەروەری و دڵسۆزی و بە فیرۆنەچوونی خوێنی شەهیدان و هەڕەشەی بێکاکردن وچی و چی تر, ئەوە دەبێت بە (بێگاری) نەک مافی دەنگدان.

ئەمڕۆ دەنگدان و دەنگنەدان لایەنگری خۆیان هەیە. لایەنگرانی دەنگدان لە کوردستاندا گەلێک زیاترن لە دەنگ نەدان, زیاتر لەو ڕێژە ڕاستەقینەیەی کە لە سەردەمی دەنگدان بۆ دەستووری عێراقی هەبوو.

زۆربەی لایەنگرانی دەنگدان دیسان دەنگ دەدەن بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کە ئێستا ژمارە 730 پێ دراوە, ئەمەیان ڕاستییەکە و حاشای لێ ناکرێت.

دیارە لیستی سەبەخۆی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش ڕێژەیەکی بەرچاوی لە دەنگدەران بەر دەکەوێت کە ڕەنگە بەشێکی باشیان نەیارانی پارتی و یەکێتی بن, کە هیچ متمانەیەکیان بەو دوو ڕێکخراوە نەماوە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان, بێ ئەوەی درک بەوە بکەن کە بەم هەڵوێستەیان, لە دیوێکی ترەوە زەبرێک لە پاشەڕۆژی پێشکەوتنخوازی لە کوردستان و عێراقیش دەدەن.

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان, لیستێکی سەربەخۆی کوردستانیی ترە و ئەڵتەرناتڤێکی باشترە لای زۆرێک لە کەسانی نەتەوەیی بە تایبەت ئەوانەی کە نایانەوێت دەنگ

به لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بدەن و لەگەڵ بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگا و دەوڵەتیشدا نین, بەڵام ڕێژەی ئەم لیستە دیسان ناگاتە ئاستێکی کاریگەر لە پەرلەمانی عێراقیدا.
دەنگدانی ئێستا, هیوایەکی گەشی بۆ گەلی کورد و هێزە پێشکەوتنخواز و یەکسانیخوازەکان تێدا بەدی ناکرێت, دەنگ نەدانیش تۆێشویەکی بۆ ئەم بارە سەختە پێ نییە.
من ئێستا باس لە گەندەڵی و فایلداری و دەسەلاتداریی کۆنە جاش و بەعسییەکان و بەهەدەردانی سامانی گەلی کوردستان ناکەم, بەڵام خۆ دەبێت ئەوە بڵێم کە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە کێشمەکێشەکانی نێوان گەلی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا, بە پێچەوانەی هاوار و بانگەوازەکانی پارتەکانی ناو ئەو لیستە, لیستێکی لێوەشاوە و بەدیهێنەری ئامانجەکانی گەلی کورد نەبوو و دەستوورێکی هێنایە بەرهەم کە بە هیچ جۆرێک لە ئاستی خواست و داواکاری و قوربانییەکانی گەلی کورددا نەبوو. لە مەیدانی کردەوەشدا نەیتوانی ئەو برە مافەش کە لە دەستووردا هاتووە بسەپێنێت, گەشترین نموونەش فەرامۆشکردنی زمانی کوردییە لە نوێترین پاسەپۆرتی عێراقیدا و جێبەجێنەکردنی یاسای (58) و ئاساییکردنەوەی کەرکوکە.
بەڵام ئەی لایەنگرانی دەنگ نەدان چ موژدەیەکیان بۆ گەلی کورد کۆمەڵگە پێیە؟
ئەوەی لایەنگرانی دەنگ نەدان بە گشتی پێیانە, دەنگنەدانێکی نێگەتیڤانەیە کە بەردێک ناخاتە سەر بەردێک, کۆمەڵێک حزب و ڕێکخراو کە سەنگیان لە ناو جەماوەردا گەلێک کەمترە لەوەی کە لە خۆیان ڕاببینن بەشداری نەک تەنها لەم پرۆسەیەدا, بەڵکو لە پرۆسەیەکی بەڕاستی دیموکراسیشدا بکەن.
کۆمەڵێک کەسایەتی و کەسانی دڵسۆز و بە هەڵوێستی تریش کە بە داخەوە دیسان زۆربەیان نە ئاراستەیەکی دیاریکراو نە چوارچێوەیەکی دیاریکراو نە ئەڵتەرناتیڤێکی ئاشکرای بە کۆمەڵیان پێ نییە.
لەم هەڵبژاردنەدا, هەر کەسێک دەیەوێت ویژدانی خۆی ئاسوودە بکات. ئاسوودەکردن بە دەنگدان بۆ لیستێکی کوردستانی کە بتوانێک ئەوەندە لە مافەکان دابین بکات کە پێی دابین دەکرێت, واتە ڕزگارکردنی ئەوەندەی کە ڕزگار دەکرێت و ئەوەش بەڕای ئەم گرووپە لە هیچ باشترە. گرووپێکی تریش ویژدانی خۆی بە دەنگ نەدان بە چەسپاندنێکی زیاتری عێراقێکی عروبە و کۆنەپەرستی دوور لە کۆمەڵگای مەدەنی و بالادەستیی گەندەڵی و فایلچی و مشەخۆران ئاسوودە دەکات.
هەردوو ئەگەرەکەش بەشێک لە ڕاستییان لەناخی خۆتاندا هەڵگرتووە, بەڵام نە لیستی کوردستانی لە باشترین باردا, ڕێژەیەکی ئەوتۆ دێنێت کە بەربەرەکانێی عرووبەوی عێراقی پێ بکرێت, نە لیستێکی پێشکەوتنخوازی بەهێز لە گۆڕێدایە هاوپەیمانێتیی لەگەڵدا بکات و لایەنگریی کۆمەڵگای مەدەنی و مافەکانی گەلی کوردیش بکات. لە باری دووەمیشدا دەنگنەدەران بەم چوارچێوەیەی ئێستاوە بچووکترین گۆڕانکارییان پێ ناکرێت و وا بڕوات دەبێت هەردەم لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا بن.

ئەوەی دەمێنێت, پاش دەنگدانی بێشک دۆڕاوانەی گەلی کورد و لایەنە پێشکەوتنخوازەکان, لە سبەینێوە دەستکردنە بە خەباتێکی نوێ, لە پێناوی بەخۆداچوونەوە و داڕشتنی پلانی داهاتوو بۆ خەباتی ڕزگاریی نیشتیمانی و بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگایەکی ئارام و یەکسان, بەڵام ئایا ئێمە هەمووان, لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەداین یان نا؟! ئەوە داهاتوو وەڵامی دەداتەوە.

2005/12/14

salarsofy@yahoo.com